لە ئەوانەی پێش ئێوەدا؛ پیاوێک دەبردرا وچاڵێکی بۆ هەڵدەکەندرا لە نێو زەویدا، پاشان دەکرایە نێو چاڵەکەوە، پاشان بە هەڕەیەک لە سەریەوە دەکرا بە دوو کەرتەوە، پاشان بە شانەی ئاسنی گۆشت وئێسکی لە یەکتر جیا دەکرایەوە، ئەمە نەدەبووە هۆی ئەوەی لە ئاینەکەی پەشیمان ببێتەوە

لە ئەبی عبداللە خەبابی کوڕی ئەرەتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سکاڵامان پێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- لەکاتێکدا پاڵی دابووەوە لەسەر چارۆکەکەی لە سێبەرێکی کەعبەدا، ووتمان: ئایا ناپارێیتەوە بۆئەوەی خودا سەرمان بخات (بەسەر دوژمنەکانماندا)؟ ئایا نزامان بۆ ناکەیت لە لای خودا؟ ئەویش -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «لە ئەوانەی پێش ئێوەدا؛ پیاوێک دەبردرا وچاڵێکی بۆ هەڵدەکەندرا لە نێو زەویدا، پاشان دەکرایە نێو چاڵەکەوە، پاشان بە هەڕەیەک لە سەریەوە دەکرا بە دوو کەرتەوە، پاشان بە شانەی ئاسنی گۆشت وئێسکی لە یەکتر جیا دەکرایەوە، ئەمە نەدەبووە هۆی ئەوەی لە ئاینەکەی پەشیمان ببێتەوە، واللە خودا ئەم ئاینە کامڵ دەکات هەتاوەکو ڕێبوارێک لە (سەنعائەوە) بەرەو (حەزرە مەوت) دەچێت تەنها لە خودا دەترسێت ولە گورگیش بەهۆی پەزەکانیەوە، بەڵام ئێوە پەلە دەکەن». ولە گێڕانەوەیەکدا: « پاڵی دابووەوە لەسەر چارۆکەکەی، وئێمە تووشی ناڕەحەتی زۆر بووین لە لایەن موشریکەکانەوە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا خەبابی کوڕی ئەرەت -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەو ناڕەحەتیانە دەکات کە مسوڵمانان تووشی دەبن بەهۆی ئازاری موشریکەکانی قورەیش لە مەککەدا، هاوەڵان هاتن وسکاڵایان بۆ پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- هێنا لەکاتێکدا پاڵی دابووەوە لەسەر چارۆکەکەی (بشتەکەی) لە سێبەری مەککەدا، بۆیانی ڕوونکردەوە ئەوانەی پێش ئێمە زیاتر ئازاردران لەم ئازاردانە، کەسی وا هەبوو چاڵێکی بۆ هەڵدەکەندرا وپاشان دەکرایە نێو چاڵەکەوە، ولە سەریەوە بە هەڕە لاشەی دەکرا بە دوو نیوەوە، وبە شانەی ئاسنی گۆشتی وئێسکی لە یەک جیا دەکرایەوە، پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی خودا ئەم ئاینە کامڵ وتەواو دەکات، واتا: ئەوەی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- پێی هاتووە کامڵ دەبێت لە بانگەواز وشەریعەتی ئاینی ئیسلام هەتا ئیسلام دەگاتە هەموو دوورگەی عەرەبی وتەنانەت ڕێبوار لە (سەنعا) ەوە بەرەو (حەزرە مەوت) دەچێـت؛ تەنها لە خودا دەترسێت وهەروەها لە گورگیش بەهۆی پەزەکانیەوە؛ هەروەکو ئاشکرایە ئەم جۆرە ترسە لە شتێک کە هۆکارەکەی دیار بێت حەرام نییە وئاساییە وباسکردنیشی لە پاش ترسی خودا هیچ شتێکی تێدا نییە چونکە ئەم جۆرە ترسە پەیوەندی بە ترسی بیروباوەڕیەوە نییە چونکە ترسێکی سروشتیە لە مرۆڤدا هەیە، پاشان -صلی اللە علیە وسلم- ڕێنموێنی هاوەڵانی کرد بەوەی پەلە نەکەن وئارام بگرن وچاوەڕێی هاتنی ئارامی وخۆشی بکەن لە لایەن خوداوە، خودا ئەم ئاینە کامڵ وتەواو دەکات وبڵاوی دەکاتەوە، وئەوەی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- سوێندی لەسەر خوارد بەو شێوەیە بوو وهەمووی ڕوویدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4246